# راسپاردەیەکی کراوە
# بۆ بەرپرسانی هەریمی کوردستان
# سەبارەت کەمکردنەوەی بووجەی هەریم

**کامیل ژیر**

**سەبارەت ئەو هەرەشانەی بەغداد بۆ کەمکردنەوە، یا بڕینی بووجەی هەرێم، دروستترین هەڵوێست و وەڵام ئەوەیە : ئێمەش لە ٪83کەی داهاتی نەوتی هەرێم و ناوچە دابرینراوەکان لە بەغداد ئەبڕین .**

**ئەم هەلوێست و وەلامە ، جگەلەوەی رەوایە ، شوولکێکی تەریشە بۆ سەرلووتی ئەو دەنگە ناسازانە . یا عەرەبواتەنی( أراوی له الموت حتی یرزی بسخونه ) .**

**ئنجا ئاخۆ ئەتوانین ئەوە بکەین ؟؟**

**بەلێ . ئەویش بە دوو رێگە :**

**1- دەسگرتن بەسەر بیرە نەوتەکانی ناوچە دابڕینراوەکاندا کەملکی سرفی گەلی کوردستانە .**

**2- یا ئەگەر ئەوە نەلوا ، بڕینی بۆرییە نەوتەکان .**

**ئەشێ کاردانەوەی ئەوە ، هەلگیرسانی ئاگری شەڕێکبێ کە من بەدووری ئەزانم ، چونکە ئیستا ناوەند تواناى شەڕێکی لەوجۆرەی نیە . ئەگەر هەر کردیشی ، ئیستا لەم لاوازییەیدا دۆڕاوئەبێ. لەراستیشدا ئەو شەڕە هەموو کاتێ ئەگەرێکی چاوەروانکراوە ، نەك لەسەر کردەوەیەکی لەوجۆرە ، بەلکو لەسەر بچووکترین بیانوو ، یا لەسەر هیچ !!کەواتە با لەسەر هیچ ، جاریکیتر ئەنفال نەکرێینەوە. وەنەبێ رووی دەمیشم تەنیا لە دەسەلاتەکەی ما لیکیبێ ، ئەشێ دوای ئەو ، رەحمەت بنێرین بۆ کفندز !**